# ئامانجی کۆنفراسی ئیستانبوڵ و مادەی سەدوچل!

ن/هۆشیار عەبدولرەحمان

لەسەر پێشنیاری پەیمانگەی ئەمریکی بۆ ئاشتی و بەهاوکاری سەنتەری ئەنقەرە بۆ توێژینەوەی ستراتیژی ئەوروپا-ئاسیا کۆنفراسی ئیستانبوڵ لەرۆژانی ٢١-٤-٢٠٠٧ تا ٢٣-٤- ٢٠٠٧ لەتورکیا دەبەسترێ. ئەم کۆنفراسەدوا بەدوای کۆنگرەی نێودەوڵەتی بەغداد دێ کەلە ١٠ی مانگی ئازاردا بەسترابوو، ئامانجی ئەم کۆنفراسەبۆ هێور کردنەوەو چارەسەری رەوشی ئاڵۆزی ئەمنی و ئابووری و سیاسی عێراقە، ئەم سەنتەرەی توێژینەوەیەبەوە ناسراوە کە زۆر لە دامەزراوەی سەربازی تورکەکانەوە نزیکەو جێی بایەخی ئەوانیشە، ئەم کۆنفراسەجێی بەدوا داچوون و گومانی خەڵکی کوردستان و سەرجەم حزبە کوردستانیەکانە ، چونکەجگەلە نوێنەرانی نەتەوەی کورد و حزبە سیاسییەکانی کوردستان، نوێنەر و کەسایەتی سەرجەم نەتەوەو گروپ و لایەنی سیاسییەکانی عێراق بە عەرەب و تورکمان و شیعەو سونەوەبانگهێشتی ئەم کۆنفراسەکراون، گومانی تێدانیە ئەم کۆنفراسانە هەر چەندەلەرووکەش وابڵاو دەکرێتەوەکەبۆ تەرخانکردنی باس و چارەسەری رەوشی عێراق و یەکپارچەی خاکی عێراقە، بەڵام لەناوەرۆکداو لەژێرەوە باسی رێگرتن و لەمپەر دروست کردن بۆ پێشکەوتنەکانی خەڵکی کوردستان و رێگەگرتن لەبەرێوەبردنی راپرسی بۆ کەرکوک و نەگەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکەن، ئێستا تورکەکان بەچڕی هەوڵێکی زۆری دیبلۆماسی لەگەڵ سەرجەم سونەکانی عەرەب لەنیشتمانی عەرەبیدا دەدەن، چونکە بۆیان ڕوون بۆتەوەکە هەڕەشەو گورەشەی سەربازی و ڕاگەیاندن لەقازانجیاندا نییەو لەوانەشە بە زەرەر لەسەر بەرژەوەندیەکانیان بشکێتەوە، ئێستا بەردەوام شاندەبەرزە دیبلۆماسییەکانیان سەردانی دەوڵەتی سعودیەو ئوردن و سوریاو میسر دەکەن ، بەنهێنی بیروڕا بۆ ڕێگرتن لەهەوڵەکانی خەڵکی کوردستان بۆ جێبەجێ مادەی ١٤٠ی دەگۆڕنەوە، تەنانەت بەتایبەتی باسی پارێزگای کەرکوک و دەوروبەری دەکەن ، هەرچەندەلەدوای روخاندنی رژێمی بەعس، سەرکردایەتی سیاسی کورد لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان ، بەتایبەتی لەگەڵ ئەمریکا و حکومەتەکانی (عەلاوی) و (جەعفەری) و دواتریش لەدەستوری هەمیشەی عێراقدا توانیان مادەیەک بەناوی مادەی ١٤٠ بۆ ئاسایکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک لەدەستوردا جێگەبکەنەوە.

مادەی ١٤٠ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و ناوچەدابڕاوەکانی دیکەهەنگاو بەهەنگاو هەوڵی یەککلایی کردنەوەی کێشەکەدەدا، لەهەنگاوی یەکەم گەڕانەوەی سەرجەم قەزاو ناحیەکان بۆ سەر ئیدارەی پارێزگای کەرکوک دەگرێتەوە، لەهەنگاوی دووەمدا سەرژمێرو ئامارێکی تەواوی دانیشتووانەکەی دەکرێ، لەهەنگاوی کۆتاییدا ریفراندۆمێکی جەماوەری لەپارێزگاری کەرکوک بەڕێوەدەچێ ، ئاکامی ئەو ریفراندۆمەدیاری دەکات کەئایا دانیشتووانی پارێزگاری کەرکوک دەیانەوێ بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان یان نا؟! بەڵام ئێستا ئەم کۆنفراسەدەبەسترێ ، هەرچەندە سیفەتی ڕەسمی نییە، بەڵام کاریگەری زۆری لەسەر رەوشی کەرکوک و پرسی ریفراندۆم دا دەبێ، چونکە تورکەکان دەیانەوێ واپیشانی سەرجەم نەتەوەو پێکهاتەکانی عێراق بدەن کەرەوشی کەرکوک زۆر ترسناکە، ئەگەر چارەسەرێکی بۆ نەدۆزرێتەوە لەوانەیەشەڕێکی نێوەخۆ و ئەهلی لەکەرکوک ڕووبدات ، ئەوکات وڵاتە ئیقلیمیەکانیش دەست بەئەژنۆ دانانیشن و دەست لەکاروباری ناوەخۆی عێراق وەردەدەن ، بەمەش شەڕێکی گەورەلەناوچەکەدا دروست دەبێ، کەچی هەموو بانگەشەکانی تورک تەنیا و تەنیا بەمەبەستی ڕێگرتن لەدەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان ئەنجام دەدرێن، ئەوان سەرکەوتن و پێشکەوتنی باشووری کوردستان بەهەڕەشەو مەترسی بۆ سەر چارەنووسی خۆیان دەبینن ، بۆیەهەر لەئێستاوەدەیانەوێ ڕێگەی بەرگری و خۆپارێزی بۆ بدۆزنەوە.

# قسەیەک لەیادی رۆژی شانۆدا

بەکر ئەحمەد

گۆی زەمین بۆخۆسی شانۆیەکی گەورەی ژیانە، لەوەتەی مرۆڤیش رۆڵی لەسەر دەبینێ ژیان بووەتە شانۆگەری یەکی بەردەوامی ملیۆنەها پەردەیی. لەمێژووی مرۆڤایەتیدا یۆنانی یەکان (گریگی یەکان) و وڵاتەکەیان بەۆلەی یەکەم دێن لە باسە شانۆی و درامیەکاندا، چونکە ئەوان بەلانکەی گەورە کەرو گەشەپێدەری ئەو کارە پیرۆزە دا دەنرێت، بەشێوەی نواندنی دوور لەشێوازی ئایینۆ و لاسایی کردنەوە دواتر بەپێی تێپەربوونی کات و سەردەم گەیشتە لای گەلانی دیکەی دنیا بەتایبەتی گەلانی رۆژهەڵات کە لەوێشەوە گەیشتە دەستیت کوردو کاریان تیا کرد. شانۆ وەکو هەر لقێکی دیکەی هونەر بریتی یە لاناهوێنەیەک کە کۆمەڵێ ڕووی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەخاتەرووئەگەر لق و بەشەکانی دیکەی هونەر بەشێوەیەک لەشێوەکان جۆرێک لەتەڵخی و نامۆیی پێوە دیاربێت، ئەوا لەهونەری شانۆدا زۆر بەڕوونی مەسەلەکان دەچەسپێ و خۆی شۆڕدەکاتەوە بۆ ناخی سەرجەم پەیوەندی یە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکان و دەست وەردەدات لەهەموو کێشە بنچینەی یەکان، وەک دیارە یەکی گرنگ و کارێکی پیرۆز و پرشنگدار خۆی دەردەخاو کاریگەری یەکانی بەسەر کۆمەڵگەدا پەخش دەکاو ستاتیکایەکی نوێ دەبەخشێ بە پەیوەندی یەکانی مرۆڤ. بەوپێیەش کەژیان پرێتی لەکاری خۆش و ناخۆش، گریان و پێکەنین، شانۆ هەر لەزەمانی ئەغریقی یەکانەوە چەندەها شێوەی (تراژیدی، کۆمیدی، کۆرس، کۆکتێل) لەخۆ گرتووە و دانەبڕاوە لەکێشەکانی ژیان و لەهەر شوێنی بوار رەخسابێ کاراکتەرەکانی رۆڵی خۆیان بینیوەو بەرگریان لەبوونی خۆیان کردووە و خواستەکانیان دەر بریوە..لەکۆنگرەی شانۆی جیهانیدا ساڵی ١٩٤٨ لەشاری (پراگ) راگەیەندرا کە:(هونەری شانۆ چالاکی یەکی جیهانی یەو دتوانێ دەورێکی کاریگەرو بەتوانا ببینێ لە کۆکردنەوەی ئامانج و یەکخستنی کۆمەڵانی گەورەی جیهان لەپێناوی ئاشتی گەلان و خزمەتکردن و ئازادی مرۆڤەکاندا.) بزووتنەوەی شانۆو شانۆگەری لەکوردستانیشدا رۆڵی بەرچاوی هەبووە لەوریا کردنەوەو ڕاچەناندنی بیرو هزری تاکی کوردیدا، بەتایبەتی لەنیوەی دووەمی ساڵەکانی حەفتاوە بەشێوەیەکی بەرچاو هەست بەو جوڵانەوەیە کراوە. ئەگەرچی لەناو ئەو بزاڤەشدا چەند کارێکی ناوازەو لاوازی تیا هەبووە، یان هەندێکیان تەنها بۆ نوخبە بوونە نەک بۆ جەماوەر بەڵام بەشێوەیەکی گشتی برهەم گەلێکی بەسوود فاکتەرێکی بەهێزبوون بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی، لەپرۆسەیەکی رۆشنبیریدا. بەداخەوە ئەوا زیاتر لە ١٥ ساڵ تێپەری دەبێ بەسەر ڕاپەڕی٦ن و سەرکەوتنێکدا لە پێشتر زۆربەی شانۆگەری یەکان لەپێناو ئەو ئامانجە پیرۆزەدا، دا دەرێژران و ئەکتەرەکان دەبوونە پێشمەرگەی سەر شانۆ لەو زەمەنی ژێر دەستەییەدا، کەچی تا ئێستا بەهۆی هەندێ مل ملانێ ی نارەواو نازانستی حزبی یەوە نەتوانراوە ئەو ڕەوت و بزاڤەی کە لەسەردەمی شۆڕشی شاخ بەرەنگاری سەر سەختەرین دۆژمن دەبوونەوەو بەرگری لەمانەوەی میللەتێک دەکر گەشە پێ بدرێت، لایەنی کەم نەیتوانیوەکە تەنها شانۆکارەکان بکاتە خاوەن یەک هەڵوێست تا خۆیان بپارێزن لەو دابەش بوونە نا بەجێ یەی کە بەسەر هونەرمەندان هاتووە بەهۆی دەسەڵاتی حزبی یەوە.

ئەگەر هونەری شانۆو دراما کە لەهەگبەکەیاندا پەیامی خۆشەویستی و ئاشتیان هەڵگرتووە کاریگەری لەخودی هونەرمەندەکان نەکەن و نەیانکەن بە یەک سەنگەر دژی گەندەڵی و پارچە پارچەبوون دەبێ چی کاریگەری یەکیان هەبێ لەسەر جەماوەرێک کەبەهۆی ڕەوشی نالەباری ژیانەوە دوورە پەرێزبوونە لە شانۆو کارە شانۆیی یەکان. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کەئیتر شانۆکارهان پشتی لێ بکەنەوە و واز لەکارەکەیان بێنن،بەپێچەوانەوە دەبێ بۆ دەربازکردنی شانۆ لەو قەیرانە کارێک بکرێت ئەو رۆحە بکرێتەوە بەلەشی ئەو جەماوەردا کەشار بەشار بۆ بینینی شانۆیەک دەرۆیشت و ئێستا لەبن دەستی خۆیدایەو سەدان ریکلامی بۆ دەکرێ کەچی بەلاشیدا ناروا. ڕەنگە کۆمەڵێ هۆکار لەپشتی ئەو کێشە گەورەیەوەبن بەڵام هیچیان ناگەنە هاوتای مەسەلە گەورەکەی نیشتمان کە ئێستا لەلایەک بەدەستی دوژمنانەوە دەناڵێنێ و لەلایەکی تریش گەندەڵچیەکان ناوسکی دەکرۆژن.. بۆیە دەبێ هونەرمەندانی شانۆ دووبارە ڕاچڵەکینێکی فیکری(رێنساس) لەکوردستان دروست بکەن لەناو ئەم میللەتەو دەرویش ئاسا کەشکۆڵ لەشان کەن و شار بەشار دوور لەگیانی جۆپەرستی و حزبایەتی کوردو شانۆی کوردی لەم گاڵتەجاریە رزگار کەن.

## ئەمریکا

# دناف سیپەلێن داگیرکەرێ دە!

فەهمی سلێڤانەیی

یافەرە ئەم بینە زمان کو پێزانینێن خەلکەکی زۆر لاوازن لەسەر رەفتارا ئەمریکا بەرامبەر نەتەوەیێن دن دکارێ خوەیێ داگیرکرنێ دە، ئەوژی کو کەفتبویەو کەفتیە دناف سیپەلێن بەرخوەدانا وان نەتەوان دە بۆ نموونە پێزانینێن مە لاوازن لەسەر قوربانی یێن شەرێ ئەمریکا بەرامبەر هندا چینێ، ئەوژی یەک لسەر مەلیۆنانە، هەروەها شەرێ ڤییەتنامێ دبێژن(١٠٠/٠٠٠) مرۆڤ بوونە قوربانی و ئەف پێزانینە نسباوێ ٥% بویە، دیسان چ کەس نزانێ قوربانی یێن چەکێ ژەهراوی یێ کو بکارهاتی دشەرێ سالا ١٩٦٢ م کاگەهایە چەندێ، بەلێ چەند ژێدەرەک دبێژن بکیماهی ٦٠٠/٠٠٠ شەش سەد هەزار مرۆڤ بوونە قوربانی، ئەڤەژێ بکار ئینانا زێدەیا غازا کار سینوجین بو کو دژی گەلێ ڤییەتنامێ ل باشور بکارهاتی، بەلێ ڤییەتناما باکور ئەو سیپەلێ ستەمکارێ ژێ نەگرت کو ئەوژی پشکا خوە وەربگرن، نموونێ دن ئەوە کو ئەلمانیا دگۆت مە پێزانین دروست نین لەسەر پرانیا قوربانیان، بەلێ وەکو تەخمین دکرن کو قوربانیێن کۆلۆخۆز گەهشتە ٢٠٠+٣٠٠ هەزارا بەلێ ژمارا قوربانیێن هندا چینێ زۆر پێکۆل هاتەکرن کو خەمیرێن سۆر گونەهبار بکەن بوان تاوانا، بەلێ دیار دبو ژ بەلاڤۆکێن وان خەمیرێن سۆر کاپرانیا وان قوربانیان چەندا زۆرەو دگۆتن دەما ئاگربەست دبو بهتر توندو تیژی یێ دەست پێدکرو ستەم و کوشتن زێدەتر دبو! بەلێ دیسان بەرۆڤاژی وان بەلاڤۆکا ((C?Ã)) ل بەلاڤۆکێن خوە ددا خویا کرن ل سالا ١٩٨٠ئ دگۆتن ژمارا کوشتیان کێمن و ژوی نرخی دکوشتن، هەروەها ل عێراقێ تائیرۆ پێزانین دروست نینە کاچەند قوربانی هەنە، بەلێ دیسان رێکخراوەک بناڤێ (medact) مداکت کو بارەگایێ وان ل لەندەنە، د تەشرینا دووێ دە بەلاڤۆکەک بەلاڤەکر ل دۆر قوربانیێن عێراقێ کو تەنها زارۆکێن ژبەر دایکان چۆین و پشتی هاتین سەر دونیایێ مرین ژبەر ئەگەرا کێم خوارن و دیسان ئاڤا پیس و بێ دەرمانی، ئەوژی ژمارا وان گەهانە + ٥٥ هەزار زارۆیا، ئەڤە ژ بلی کوشتێن شەرو پێکدادانێ و قوربانیێن کو کەفتینە دبن شۆپ و سیپەلێن داگیرکرنێ دە دیسا بەری تاوانێن کو ل زیندانێن (ئەبوغرێب) دەست پێکری، زۆرینا خەلکێ عێراقێ ئەمەریکا ب زرگارکەرێ عێراقێ دزانی ژمەزنترین دکتاتۆر، بەلێ پشتی ئەو تاوان و کارێن دی یێن دویر ژمرۆڤایەتی خەلکێ عێراقێ ژئەمریکا دیتن، ژمارا وان کەسێن کو ئەمریکا داگیرکەر دزانن گەها ٨٨%، رامسفێلد و فولفویتش و جیگرێن وان، مقتەدا سەدر کرنە زەلامێ دووێ پشتی (عەلی سیستانی)و نافبری گەرناس کرن و دانە پێش، ئەڤە دوێ دەمێ دابوو کو چ کەسەکێ ئەوناس نەدکر!؟ کا دادەست ژ عێراقێ بەردین و بهێنە سەر ستراتیجی یا نوی یا ئیمپریالزما مەزن و پرۆژەو مەبدەئو عەقیدا وێ، بۆ زانین ئەف پەیڤانە نە ژپێناس و زارێ منە، بەلکی پەیڤا ستراتیجی یا ئیمپریالزما نوی یا مەزن مە ژ کۆڤارا ((foreign naffaiyrs)) ئەڤە ژبەلاڤۆکین گرێدای پەیوەندیێن ژدەرڤەی ئەمریکایە، دبێژن راگەهاندنا داگیرکرنا عێراقی ل ئەیلۆلا سالا ٢٠٠٢ ژ ئالیێ سەرۆکێ ئەمریکا بۆش بویەو لەسەر ستراتیجی یا ئاسایشا وانا نەتەوی، کو جیهانێ تەڤێ بێخنەبن کۆنترۆلا خوەو سەرکەتنێ بینێ لسەر وان لایەنێن دژی بەرژەوەندا وان کاردکەن. دیسان نەتەوەیێن یەکگرتوو راگەهاندو پالپشتی یا خوە بۆ وان دەربڕی لەسەر ڤی کاری!؟ دیسان نییۆرک تایمز گۆت عێراق دێ بۆمە یەکەم سەربۆرو ئەزمون بێ ژبوی ڤێ ستراتیجێ! هەروەها هەمان کۆڤارا پەیوەندیێن ژدەرڤەی ئەمریکا دارۆنکرن کو ئەمریکا ئەو باوەرە نەبو کو توشی ڤان سیپەلێن بەرخوەدانێ بێ دعێراقێ دە، دڤی واری دە رەخنە زۆر بون دژی ستراتیجی یا نوی یا ئەمریکا، ئەو رەخنە بهتر ژ ئالیێ ئۆلبرایت هاتەکرن دکۆڤارا (fairgen) یان (مەترسیا ژدەرڤە)، یافەرە ئەم بزانین ئەمریکا دهەمی هەلویست و رەفتارێن خوەدا تەنیا چاڤ ل بەرژەوەندا خوەیەو باوەری ب ئەخلاقێ سیاسی نینە ئەگەر هاتو خیانەت یان پاشەکشێن دوان بەلێنێن خوەداکر، مانع نینە دژی وان هەڤ پەیمانێن خوە راوەستت، ئەگەر بزانێ دبەرژەوەندا سیاسەتا واندایەو پلان بۆ هاتبێ دانان دوی نەخشێ وانێ ستراتیجدا، بەلگە ل سەر ڤێ چەندێ زۆرن و شلوڤەکەرێن سیاسی مەندە هۆش و سەرسورمابونە دسیاسەتا ئەمریکادەو کارێ وانێ دیما گۆجی، بتایبەت مرۆڤەکێ وەکو (ستیڤن زونیس) خەبیرێ پەیوەندیێن ناف نەتەوی دکانونا بۆری دە ل سەر بریارا سزادانا سوری گۆت، ئەولەویا رەوشەنبیری یا ئەخلاقی یا وێ دەولەتێ یە کو مەعنی بێ ب بارودۆخێ خوە، نەک ئەمریکا مەعنی یە دوان کاران دە، هەروەها داخوازکربو کو رێز بۆ بریارا ٥٢٠ یا چڤاکا ئاسایشا نێڤ نەتەوی بگرن، کو رێز بۆ سیادا لوبنانێ هەبێ، گوتی هەرچەندە بهێجەتا فلەستین یا بویە کو بپارێزن، گوتی ئەڤە ئەوبو کو ئەمریکا و ئیسرائیلێ ڤیایێ، بەلێ ژنیشکەکێ ڤە دژی وێ بریارێ و وی هەولویست راوەستان و ئیرۆ پشتی ٢٢ سال دەرباسی داگیرکرنا سوری و ئیسرائیلێ بوی و وان خوە بێ دەنگ دکرن، ئیرۆ دەنگ ژوان هات دڤی وارێ دە سەربۆر زۆرن، یافەرە ئەم بێژن کو ئەم کورد دویر نینن ژوان هەلویست و رەفتارێن دویر ژمرۆڤایەتی کو ئەمریکا خوە گێل و نەزان دزانن و چاڤ لسەر هەمی کارەساتێن رژێما دکتاتۆرا بەغدادبۆشان، بەلێ ئەز دوێ باوەرێ دامە کو ئیرۆ ئەمریکا بەرەو هیرشێن مەستر دێ چتوو داگیرکرنەکا بەرفرەهتر کو دەستێ خوە دەینیتە سەر هەمی خێراتێن جیهانێ بگشتی و رۆژهەلاتا ناڤین بتایبەتی، بەلێ ئەوژی دزانن ئەگەر هاتو ژوان هێرشا ڤەکێشا، دێ کەڤتە دچەپەرێ دیفاعێ دەو پاشێ قەبرێ خوە بدەستێ خوە کۆلت و بهتر ژ سۆڤێیەتا هەلوەشای دێ بەرەو پارچەبوونێ ڤە چیت و هەلوەشت! یافەرە ئەم بزانین کو ئیرۆ ئالتەرناتیڤ زۆرن و دۆزا خوەیا نەتەوی نەکەینە پرەک بۆ ئەمریکاو بەرژەوەندێن وان بێ کو ئەم مامەلێ دگەل وان و لایەنێن دژی وان بکەین و تەوازنێ بەرامبەری وان راگرین، چونکە ئیرۆ مەزنترین دەرفەتە بۆ هەرچار پارچاو رزگاری یا وان، ئەز باوەرم پاش ڤەکێشی ژهێرشا یێدی نە دبەرژەوەندا ئەمریکادایە...